# مەراسیمێکی شکۆدار بەبۆنەی
# 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان لەسلێمانی





ئیوارەی ڕۆژی 2006/03/10 کاتژمێر 4ی پاشنیوەڕۆ و بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لەژنان‌و پیاوانی یەکسانیخواز، لەپارکی ئازادی سلێمانی مەراسیمێکی شکۆدار، لەلایەن کۆمیتەی مەراسیمی 8ی مارسەوە، بۆ 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان بەرپاکرا، پاش کردنەوەی مەراسیم بە ووتارێك بۆ پێشوازی‌و پیرۆزبایی هەشتی مارس لەئامادەبوان‌و پاش باسکردن لەمێژووچەیەکی 8ی مارس‌و جێگەوڕێگەی ئەو ڕۆژە لەخەباتی ژنان لەسەراسەری جیهاندا، زمناکۆ عزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەلایەن کۆمیتەی مەراسیمەوە ووتەیەکی پێشکەش کرد، کەتیایدا وێڕای پیرۆزبایی لە ژنان بەگشتی‌و ئامادەبوانی مەراسیمەکە، هاوکات سەبارەت بە وەزعیەتی نالەباری سیاسی عێراق‌و سیناریۆی ڕەش لە سەختترکردنی هەلومەرجی ژنان قسەباسی کرد، کەبەهۆی سیاسەتەکانی ئەمریکاو تیرۆریزمی ئیسلامی ژنان دەهاڕڕێن‌و هەرئێستا وێڕای چەندین تاوانی گەرورە گەورەی وەك کوشتن‌و فڕاندن‌و ئیغتصابی ژنان، هاوکات ژنانیان ڕەوانەی کونجی ماڵەکان کردۆتەوەو حیجابی ئیسلامی وەك دیاردەیەکی نامۆ ونائینسانی کراوەتە بەشێك لەفەرهەنگی ئەم کۆمەڵگایە، کوردستانیش کە بزوتنەوەی ژنان‌و یەکسانیخوازان لەسالآنی ڕابردوودا، دەیان دەسکەوتی گەورەیان بەدەست هێناوە، ئێستا لەبەردەم خەتەری وەرگرتنەوەی ئەو دەسکەوتانەدا قەراریان گرتوە، ئەویش بەهۆی بەندوبەستی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی لەگەڵ سەرانی ناسیونالیستی عەرەبی‌و ئیسلامی لەمەرکەز لەپێناو شەریك بونیان لەدەسەڵات، ئەمەش فەرزکردنی ئیلحاقی ئیجباریە بەسەر خەڵکی کوردستاندا، بۆیە ڕێگەچارەی کارسازو عەمەلی جیابوونەوەی کوردستانە، کەژنان تیایدا یەکسان بن لەهەموو بوارەکانی ژیانیان‌و بەرگرتنیشە بە هێنانی کۆنەپەرستی ئیسلامی بۆ کوردستان.

پاشان شانۆگەری (پێش ئاوابوون) لەلایەن گروپی شانۆی ڕۆمانی سەر بە سەنتەری سلێمانی ئازادی لاوانەوە نمایشکرا،ئینجا پەیامی لقی سلێمانی ڕێکخراوی ئازادی ژنەوە لەلایەن (ئاشتی حسێن) ئەندامی ڕێکخراو و ئەندامی کۆمیتەی سلێمانی حزبەوە خوێنرایەوەو بەووتنەوەی چەندین دروشمی مارسی 2006 مەراسیمەکە کۆتایی پێهات.





**ڕێکخراوی کوردستانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

2006/3/10